

## ئاهەنگی نەورۆزو فرمێسك

خوشکو برایان ی کورد ئومێدەوارم نەورۆزتان بەهەمان دڵی خۆپشاندانەدران کردبێت بەپێچەوانەی دەسەڵات دارانەوە وەك فرمێسکی خانەوادەی شەیدانی خۆپشاندانەکانی ئەم دواییەی کوردستان بڵێسەی کردبێت

نەورۆزتان پیرۆز تەمەنای سەرفرازی باشتان بۆدەخوازم تەندروست باش بن چاوەکانتان گەش بێ...
فەرەیدون کونجرینی

ئەمساڵ خۆم دانابو نەورۆز بکەم ! ئەم نەورۆزەمن بەنیازبووم زیاتر سەمای عاشقانەی بەختەوەری بۆ دەزگیرانەکەم بکەم ! بەنیازبوم ئەمساڵ گوڵی نێرگز دیاری بکەم بۆهەر پێنج خوشکەڕەش پۆشەکەم، ئەوان نیازیان هەبوو لەپێنج دڵی نەخشاوەوەپیرۆزبای لەمن بکەن چاوەڕوان بون کە نەورۆزبێت و پێم بڵێن شێرزاد نەورۆزت پیرۆز ئەوان لەگەڵ باوکەبەتەمەنەکەم و دایکی خاوەن چاوەڕوانی ئێوارانم چاوەڕوان بون لەم ساڵە دا بەژداری ئاهەنگی نەورۆزی کوردستان بین ئەوان نە یان دەزانی جوان ترین دیاریان تەرمی منەو ڕەشپۆشی سەرتاپایان دادەپۆشێ وەك گورمیان و خانەوادەی گەرمیانەکەم ڕەش پۆش دەبن

منی گەرمیان منی بچوك ترین شەهید و باڵاترین ناو کە گەرمیانم لەدنیای ڕۆحی گیانی دایکمدابووم لەگەڵ باوکم ناوی گەرمیانیان لاشیرین بوو بۆیەکەهاتمەئەم دنیا دەست بەسەرە! ناویان لێنام گەرمیان. داوای یارمەتیم لەدایکم خواست ڕۆیشتمەناوشەقامەکانی شارەکەم هەنگاوهەنگاو ڕێم گرتبوو بەرەو ڕێچکەی مەرگ ئەچوم بێ ئاگابوم لەو ووشەیە. ئەومەرگەی لەدەستی دەسەڵات دابوو لەشەقامی ناوجەرگەی شار گوێم هەڵ کردوو گوێبیستی نارەزایەکانی جەماوەری چەمچەماڵ و لای گەرمیان بووم وام پێ باش بوو ڕێگەخۆش کەم وەك هاوڵاتیەکی گەورە کەخۆم بەژداربکەم بۆڕەوای چارەنوسی خۆم و هاوڕێکانم لەم دەڤەرە ، بکوژەکان دەیان زانی من کەمێك لەڕەوڕەوەکەی منالێم گەورەترم ئەوان چاویان لێم بوو دەیان زانی لەناویاندا بچوکترین خۆپشاندەر بوم چاویان لێم بوو لەناکاودا لەگەرمیانەوەکۆچیان پێکردم بۆکوێستان و مەرگیان لەخانەوادەکەم کردەقروبانی بەلەپیتکەی پەنجەکانیان....

شەهید بیلال نەیدەزانی چۆن وەك خۆرێك ئاوادەبێت ئەوئێوارەی ڕێی کردبوو لەگەڵ هاوەڵانی بەرەو شەقامەکان بۆ داواکاریەڕەواکان و گەڕانەوەی‌مافی تاك ی گەنجان بەنیاز نەبو بێتەوە دەیوت تەواو توانام نەما بارەحمێك بەلاوێتیم بکەم کوا مافی گەل شەهید بیلال ئەی ووت و هاوڕێکانی زیاتر دوپاتیان دەکردەوەدەنگەکان شەقامەکانیان ڕۆشن دەکرد بوو شەهیدێك لەپێشی پێشەوەی خۆپشاندانداپەڕێچەکەڕازی شکاندوەو مافی خۆی دەوێتەوە، ڕێگای شەقامی پڕبە برینەخوێناویەکەی داگیر کردوو ناوەڕاستی شەقامەکەی گرتبوو هانی دەدان داوابکەن تاکەی‌چاومان لەوان بێت و ئەوان بەسەرماندا بە گیرفانی پڕەوەبازبدەن بەسەرماندا؟ شەهید بیلال پڕبەگەروی دەیووت نەورۆزمان دەکەین بەدوو نەورۆز بەهارمان گەشاوەتر دەکەین بەچڵی نێرگزی ئەم بەهارە... کاکەبیلال نەی دەزانی یەکەم چڵەنێرگسی ئەم بەهارەبەخوێنی ئەو پاراو دەبێت نەی دەزانی ئەم نەورۆزەدایکی چاوبەفرمێسك دەبێت و باوکەسەروڕیش سپیەکەی هێزی لەدەستانامێنێ و دلەپڕلەکوڵەکەی هاواردەکا بۆ حقی ڕۆڵەکەی،، شەهید بیلال بێتاوان بوو لەگەڵ هاوڕێکانی چون لەناکاوو مەرگ میوانی بوو وەك دیاریەك دەسەڵات دارانی هەرێمەکەم بەگۆڕستانی شارەکەیان سپارد بێ بەرامبەر. هەروەك لەدواین نوسراویدا شەهید بیلال وتویەتی شەید ئەوکەسەیەکەبەنرخی خۆی خۆی دەکاتەقوربانی چون نەترسە،، شەهید بیلاڵ هۆندراوەکەی پڕبەباڵای خۆی دایناوە بەڵێ نرخی شەهید بیلال لەنرخوو شۆڕشی ئەوان بەهاترەو سڵی نەبوو لەناو شەقام و گۆڕەپانی خۆپشاندانداا..

شەهید ڕێژوان بەنیازنەبوو وابەزوویی ماڵ ئاوای بکات بەنیازنەبوو زیاتر لەو دڵۆپەشیرانەی دایکی دەرخواردی دابوو خانەوادەکەی فرمێسك هەڵ ڕێژبکات ، ئەوبەنیازبوو هاوکارێکی باوکی بێت و سێبەرێکی بڵندبێت بۆ خێزانەکەی ئەوبەنیازبوو خوێندنە کەی پەرەپێ بدات و دوارۆژی نیشتمانی بەئامانج بگەیەنێ شەهید ڕێژوان لەناو ئاپۆڕەی جەماوەردا وەك ئاسکێکی چیاکان هەنگاوی دەناو ئەم بەرو ئەوبەری شەقامی سالمی ئەدا ، ئەو ئاوڕی بۆدواوە و لای چەپوو ڕاست دەدایەوەدەیویست بزانێ

ئەوکەسەی هاوار دەکات بەچ گڕوتینێکەوەدەنگی بەرزدەکاتەوەو دەڵێت  نابۆگەندەڵی ئەو دەیویست لەمانای  ووشەکانی خۆپشاندەران زیاتر تێبگات نەی دەزانی لەناوهەرێمی کوردستاندا بکوژی کورد هەیەنەیدەزانی تێنەگەیشتوانی خۆپشاندەران مافی ڕەوای گەل نازانن دەستەکانی بڵندکردەوەو بەزمانەپاراواکەی دەنگی نارەزای خۆپشاندەران بۆیادگاری تەلەفۆنەکەی دەرکردوو چەندوێنەیەکی بۆدایکو باوکی جێ هێشت شەهیدیان کرد وەك هاوەڵانی گڕوتینی مەیدانی ئازادیو نەورۆزیان بەتین ترکرد...

بەشی دوو بەم زوانە

Faraidun75hotmail.de

28.03.2011